# دڵدارە هەرە ئازیزەکەم

# نامەکانی چیخۆف و ئۆڵگاکنیپەر

**لە فارسیەوە: ڕەووف بێگەرد**



***وتەیەکی پێویست:***

"چیخۆف"ی گەورە چیرۆکنووسی ڕووسی، لە ساڵانی دوایی تەمەنیدا ئۆڵگاکنیپەری ئەکتەری شانۆی کردە هاوسەری خۆی. ئۆڵگا لەگەڵ ئەوەیشدا کە دەیزانی ماوەیەکی زۆرە چیخۆف بەدەست نەخۆشی سیلەوە باری تەندروستی خراپە، بەڵام لە ڕێگای نواندنی کارە شانۆییەکانی چیخۆفەوەو، دوای ئەوەی کە شارەزای کەسایەتیو ژیانە مرۆڤ دۆستیە نموونەییەکەی ئەم نووسەرە بوو، ئیتر بە تەواویی خۆشی ویستو دەرگای دڵی عاشقانەی خۆی بۆ کردەوە. ئەگەرچی کنیپەر لە تیپی "شانۆی هونەری مۆسکۆ" کاری دەکرد کە ستانسلافسکیو چەند هاوڕێیەکی دایانمەزراندبوو، بەردەوام هەر لە مۆسکۆ دەژیاو چیخۆف لە ناوچەیەکی زۆر لەوێ دوور بوو، بەڵام وایان گونجاندبوو کە شەش مانگ لە مۆسکۆو شەش مانگەکەی تر لای چیخۆف بەسەربەرێت. واتا کنیپەر دوو هاوسەری هەبوو، یەکەمیان شانۆو ئەوی دیان چیخۆفو لەگەڵ هەردووکیاندا بە عەشقەوە دەژیا. کنیپەر لە خێزانێکی ڕووناکبیرو خانەداندا چاوی کردۆتەوە. باوکی ئەندازیارو دایکی مۆسیقار بووە. خۆیشی لە سەرەتادا ئارەزووی شێوەکاریو مۆسیقای بووەو حەزی بە وەرگێرانیش کردووە، بەڵام لە دواییدا هەر لە قوتابخانەوە کەڵکەڵەی شانۆ لەسەری داوە تا کردوویەتە پیشە بۆ خۆی. لە کاتی نمایشەکانی مۆسکۆدا بە خەیاڵی هونەرمەندێکی عاشقو لێزانەوە لەگەڵ چیخۆفدا باسی شانۆییەکان دەکات. ئەندازەی پێشکەوتنو شکستو، شێوازی پرۆڤەو گۆڕینو جەماوەرو تەنانەت بڕی ئەو بلیتانەیش کە فرۆشراون.

کنیپەر زیاد لە شانۆگەری کەسانی دی ئەوانەی چیخۆڤ پڕ بە دڵ خۆش ویستووەو ڕۆڵی سەرەکیی تیادیون. بەم جۆرەیش هەڵیان دەسەنگێنێت: "نواندنی شانۆگەری چیخۆف تێگەیشتنی زۆری دەوێت. ئەوەی زۆر چیخۆف نەناسێتو خۆشی نەوێت ناتوانێت تەمسیلی کەسەکانی بکات، هەر ئەمەیش بوو بە هۆی ئەوەی کە یەکەم نواندنی –شانۆیی مەلی دەریا– سەرکەوتوو نەبێت، چونکە ئەکتەرەکان بە قووڵی لە بیروبۆچوونی کەسانی ناو شانۆگەرییەکە تێنەگەیشتبوون".

هاوسەریەتی ئەم دووانە ساڵی 1901 دەستی پێکرد، واتا ماوەی هاوسەریەتیان تەنیا سێ ساڵی خایاند، چونکە چیخۆف لە ساڵی 1904دا بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکەی لەگەڵ ئۆڵگادا چوو بۆ ئەڵمانیاو لە شاری "باون ڤێلەر" مایەوەو هەر لەوێو لەو ساڵەدا دوا ماڵئاوایی لە ژیان کردو، کنیپەر بە تەنیا تەرمەکەی هێنایەوە بۆ مۆسکۆ.

بۆ خۆشەویستی چیخۆفو کنیپەرو، لەبەرئەوەیش کە نامەکان گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە لە ڕووی مێژوو پەیوەندی نێوان دوو هونەرمەندو، ئەو تایبەتمەندیەیش کە لەو بە یەکگەیشتنەدا هەیە، لام پەسەند بوو کە بەرە بەرە هەندێك لەو نامانە لەگۆڤارو ڕۆژنامەکانماندا بڵاوبکەمەوە.

ڕەووف بێگەرد

کنیپەر

23 ئۆگەست

"مۆسکۆ"

دوێنێ‌و ئەمڕۆ نامەتم پێگەیشت ئانتونی ئازیزم/ زۆر دڵخۆش بووم. شادمانم بەوەی نمایشنامەکە باش ڕوو لە پێشە، وەلێ تێناگەم بۆ ناتوانیت لەم حاڵەی ئێستادا خۆت لە گوشاری ئەو میوانە چەتوونانە ڕزگار بکەیت، بە تەواوی تێدەگەم کە ناهەقت نیە بێ خوڵق‌و تووڕە بیت، کاتێك ئەم شتە بچووکانە ناهێڵن بە ئاسوودەیی کارەکانت بکەیت (...) هەی سلاڤی تەمەڵ من بێگومانم ئەگەر بتەوێت لە شەڕی ئەو میوانانە خۆت ڕزگار دەکەیت.

دوو ڕۆژ لەمەوبەر نامەم بۆ نووسیت. ماوەیەکی زۆرە، وا نیە؟ (...) کەواتە دێیت بۆ ئێرە، ئازیزم؟ لە سەرەتای سپتامبەردا؟ دەتەوێت بمبینیت؟ یان بێ منیش هەر خۆشت لێدەگوزەرێت؟ دەزانم ئاخری تۆ پیاوێکی سارد دەردەچیت! ئێستا دەبێت بوەستم، بەرەو پرۆڤە بکەومە ڕێ، ئازیزم. ئازیزەکەم، ماچت دەکەم‌و چاوەڕێتم.

ئۆڵگای تۆ

نامەکانت هێند پڕ لە خۆشەویستی نین

*     *     *

چیخۆف

23 ئۆگەست

"یاڵتا"

ڕۆژباش ئازیزم، لە نامەی (19 ئۆگەستا) لەوە تووڕەیت کە بۆ کەم دەنووسم، وەلێ من بەردەوام نامەم بۆ نووسیویت.

دوێنێ "ستانسلافسکی" لێرە بوو، تا سەعات (9) مایەوەو پاشان ڕۆیشتین (لە ڕاستیدا من بردم) بۆ بینینی کچە بەڕێوەبەرێکی قوتابخانە، ژنێکی زۆر باشی مەجەری لە قوتابخانەکەیە ڕووسیەکی زۆر بەتام قسە دەکات، ژنەکە چەنگی لێداو هەموومانی هێنایە پێکەنین، تا سەعات 12 لەوێ بووین (...) هێشتا باران نەباریوە، دەیانەوێت ئەمبارێك لە حەوشەکەدا دروست بکەن، لەقلەقەکە بێزارە، خۆشم دەوێیت.

بۆ بینینم دێیت بۆ وێژگە؟ دەبێت لە کوێبم؟ لە کامە ئوتێلدا؟ ئایا ئوتێلێکی خۆش کە زۆر گران نەبێت لە نزیك ئێوەوە هەیە؟ وەڵامی ئەمانەم بۆ بنووسە ئازیزەکەم.

ماڵەوە کپو بێدەنگە، لەگەڵ دایکمدا ڕێك کەوتووین‌و بێ هەراین. لەگەڵ "ڤیشنیڤسکی" بۆ ئۆپێرا دەچیت؟ باشە بەڵام.. دزێو مەبەو نامەم بۆ بنووسە، پاداشتەکەی دەبینیت، وەك عەرەبێکی کێوی خۆشم دەوێیت، تەندروست‌و شادبیت. ئولیا فەرامۆشم مەکە، بنووسەو زۆر بیر بکەرەوە لە: ئانتون.

*     *     *

کنیپەر

24 ئۆگەست

"مۆسکۆ"

تازه له حەمامەوه گەڕاومەتەوەو کەس له ماڵەوه نیه، هەموو شتێك هێورەو من حەزدەکەم قسەت لەگەڵدا بکەم ئانتۆنی خۆم، ئایا تۆ موڵکی منیت؟ تۆ هەرگیز به ناوی ڕاستەقینەی خۆمەوه بانگت نەکردووم‌و تەنیا له نامەی یەکەمتا ئەوەت نووسی. پێت خۆشه (...).

ئازیزم، کۆترەکەم، خۆت له دەست خەڵکیی ڕزگاربکە، کارێکی وا بکه بتوانیت بێ تەنگپێهەڵچنینی خەڵکیی زۆر به هێوری بنووسیت. ئەگەر من له بارودۆخی نووسینی تۆدا بوومایە، بێزارو تووڕه دەبووم، ڕاسته کارەکەی من به کارەکەی تۆ بەراورد ناکرێت، بەڵام من خۆم له میوانی بێکەڵك دووردەخەمەوه، دوورەپەرێزم له هەر کەس‌و هەر شتێکی وا، بۆیه دەتوانم بنووسم، خۆیشت ئەمانه باش دەزانیت. من نامەیەکم له تۆ دەوێت که تیایدا بنووسیت ئیتر له مەودوا تۆ خۆت بۆ نووسین تەرخان کردووه. باشه؟ زۆرم پێ خۆش دەبێت؟

*    *    *

کنیپەر

26 ئۆگەست

"مۆسکۆ"

ئاووهەوا ترسناکە، بارانێکه ئانتۆن، هەروا پێش چرکەساتێك له پرۆڤه گەڕاومەتەوه، به پێ‌و پلی تەڕەوه، گالشەکانم له پێدا نەبوو، پێڵاوەکانم هەموو کون بوون، "ڤیشنیڤسکی" ناوی لێناوم "بووکی بێ جیازی"[1] هەرکه به پاڵتاوو پێڵاوی کونەوه دەمبینێت بۆ ماوەیەکی درێژ دەداته قاقای پێکەنین (...).

دوێنێ‌و ئەمڕۆ نامەتم پێنەگەیشتووه، غەمبارم (...).

*    *    *

کنیپەر

28 ئۆگەست

"مۆسکۆ"

ئێستا سەعات یەکی بەیانیه ئانتونی ئازیزم‌و من تازه له پرۆڤەی "کچی بەفر"[2] گەڕاومەتەوه (...).

پرسیارت له بارەی ئوتێلەوه کردبوو؟ من وام دەزانی تۆ دەتەوێت لەگەڵ "ماشا"دا بمێنیتەوه، خاوەن ماڵەکەی بەم زوانه ناگەڕێتەوەو له ماڵەکەیدا ئاسووده دەبێت. وا نیه؟

باری تەندروستیت چۆنه؟ حاڵ‌و ڕۆژگارت چۆن لێ بەسەردەچێت؟

پێویسته زیاتر بۆم بنووسیت، دەبێت من‌و تۆ زیاتر قسان بکەین، باشه؟

من بێجگه له شانۆو ماڵی "ماشا" بۆ جێگای تر ناچم (...) شەوێکی ئارام بەسەردەبەم نووسەری ئازیزم، سبەینێ چاوەڕێی نامەتم، توند ڕات دەمووسم، وەك عەرەبێك کێویانه خۆشت بوێم: ئەی من چۆن تۆم خۆش بوێت؟

ئۆڵگاکەت

---

[1] ناونیشانی شانۆگەریەکی ئوستروڤسکیه.

[2] شانۆگەریەکی ئوستراڤسکی که له 24 سیپتەمبەری 1900دا نمایش کراوه.

بۆ چاخواردنەوە میوانی "ڤیشنیڤسکی" بووم "نمبرڤیچ"یش لەوێ بوو. "ڤیشنیڤسکی" ژیانێکی جوانی هەیە، هەموو شتێکی ناوماڵەکەی پاكو خاوێنەو بیرم کردۆتەوە شووی پێبکەم، تۆ دەڵێی چی؟

* * *

چیخۆف

30 ئۆگەست

"یاڵتا"

ئۆڵگای ئازیزم، من زیندووم‌و تەندروستیم باشەو هیوادارم تۆیش وابیت، کە نامەم بۆ نەنووسیویت، هۆیەکەی ئاووهەوایە لەبەر ئەوەیش کە شانۆنامەکە دەنووسم، کەمێك بێزارکەرە بەڵام بە گشتی قووڵە، وەك خۆم چاوەڕوان بووم زۆر لەسەرخۆ دەنووسم، ئەگەر شانۆگەریەکە وا دەرنەچێت کە خۆم چاوەڕوانی دەکەم دەیخەمە سەر ڕەفە بۆ ساڵێکی تر. بەهەرحاڵ ئەگەر ئەمەیش نەبوو هەرچۆنێکە دەبێت تەواوی بکەم. خۆزگا دەتزانی چەندە شکست خواردووم، هەرگیز بەدەست خۆم نیە، ناتوانم بینینی خەڵکی ڕەت بکەمەوە، ناتوانم، "مۆسکۆ" ساردە؟ چەند خراپە. کەواتە تەندروست بیت، لەوە بێتاقەتیت کە بۆ لە هەندێك نامەی خۆمدا بە ناوی ڕاستەقینەی خۆتەوە ناوت نابەم، بڕوا بکە دەست ئەنقەست نیە.

حەفتا جار ماچت دەکەم.

حاڵم زۆر باش نەبوو وەلێ ئێستا باشترم، دیسانەوە ورەم بەرزە.

ئانتوانی تۆ

* * *

کنیپەر

1 سپتامبەر

"مۆسکۆ"

لە 23ی ئۆگەست بەم لاوە نامەی تۆم پێنەگەیشتووە ئانتونی ئازیزم، ئەمە ئەوپەڕی نامیهرەبانیە، من چاوەڕوانم، چاوەڕوانم، وەلێ ئەگەر بە ڕاستیی سەرگەرمی کارکردنیت لێم ببوورە. بۆ "ماشا"یش هەر نانووسیت هەی کێوی! تەندروستیت باشە؟ نامەوێت ئەوقت بکەم ئیتر گلەیی ناکەم. بەڵام ئەم بێدەنگیە دوورو درێژە بۆ؟ ناتەوێت نامە بنووسیت؟

ساردیەکەی ئێرە ترسناکە، منی داماو هەندێك جار لە ماڵەوەم، هەندێك جار پەنا دەبەمە بەر "ماشا" هەرچەندە ئەم جۆرە ژیانەیشم پێ ناخۆش نیە. حەوسەڵەم هەندێك جار خۆشەو هەندێك جاری تر نا، زۆر بێورەم (...)

ئۆڵگاکەت

* * *

کنیپەر

4 سپتامبەر

"مۆسکۆ"

بۆ دواجار نامەتم پێگەشت ئانتوانی ئازیزم! چەندم پێخۆشە تەندروستیت‌و کاردەکەیت، حەزئەکەم شادبیت‌و ورەت بەرز بێت بۆ ئەوەی زووتر بێیت بۆ ئێرە، ئای کە بیرم پەرتە..

ئەمڕۆ زۆر سەرم دێشێت، دوو ڕۆژی دوایی لە پێی خستبووم (...) دەزانیت "گۆرگی" و "سورلرژیتسکی"[3] لێرەن. لە بارەی تۆوە زۆرمان قسە کرد. "گۆرکی" بۆ پرۆڤە دێت، چەندین جار فرمێسك کەوتۆتە ناوچاوی، پێیێ بۆ نانی نیوەڕۆ لامان بوو، هەموومانی سەرگەرم کرد، زۆر چیرۆکی گێڕایەوە. لە بارەی خۆیەوە دوا، وتی کە چۆن لەم هاوینەدا چیرۆکی "لە دۆڵیانێکدا"ی تۆی بۆ چەند جوتیارێك خوێندۆتەوەو چیرۆکەکە چ کاریگەرییەکی لەسەریان هەبووە. کە ئەمەی دەگێڕایەوە بەردەوام ئەملاو ئەولای دەکردو فرمێسك لە چاویدا قەتیس مابوو، جوتیارەکان ماتی کەرانەو بە خۆشەویستیەوە تەماشای وێنەکەی تۆیان دەکردو گوێیان بۆ خوێندنەوەی ئەو شلکردبوو (...).

*　*　*

چیخۆف

5 سپتامبەر

"یاڵتا"

ئازیزترینم، فریشتەکەم، نامەم بۆ نەنووسیویت، بەڵام توورە مەبە، بوار بە لاوازیەکانی مرۆڤ مەدە، هەموو ئەم ماوەیە کارم لە شانۆنامەکەدا کردووە، زیاتر بیرم کردۆتەوە تا نووسین (...) شانۆنامە دەنووسم. بەڵام پەلە ناکەم. زۆر ڕێی تێدەچێت بیێ شانۆگەریەکە بێم بۆ مۆسکۆ. ئەکتەری زۆری تێدایە، پڕەو دەترسم لە دواییدا بیێ سەرەو بەرە بێت، یان تام و بۆیەکی نەبێت. بۆیە وا چاکترە هەڵی بگرم بۆ وەرزی ئایندە (...).

میوانم هەیە (...) لە یاڵتا باران نابارێت، درەختەکان وشك بوون، لە مێژە ڕووبارەکە خوڕەی نایەت، هەموو ڕۆژێك بای دێت، هەوا ساردە.

زیاتر بنووسە، نامەکانت دڵم خۆش دەکەن، گیانم دەحەسێننەوە کە وەك خۆڵی "گریمە" غەمبارو بیێ تینە ئازیزم، لێم توورە مەبە. میوانەکانم لە ڕۆیشتندان دەبێت ڕەوانەیان بکەم.

ئانتوانەکەت

*　*　*

چیخۆف

6 سپتامبەر

"یاڵتا"

ئازیزم، ئولیا، فریشتەکەم، بە بیێ تۆ ژیان بێزراوە، کە پرۆڤەکانت تەواو بوون و دەست بە نمایش کرا دێم بۆ ئەویێ. هەر لەو کاتەدا کە مۆسکۆ ساردە، واتا دوای 20 سپتامبەر. لە ماڵەوەم و لەوە دەچێت بنووسم، تەندروست بیت، پیرێژن.

ئانتوانەکەت

ئەوەی کە دەیڵێم، بۆ نموونە، لەبەرئەوەیە کە لە پشت مێزەکەمەوە دادەنیشم، پیاسە دەکەم، بیردەکەمەوە، پاشان دەچمە سەر کورسیەکەم و پەنا دەبەمە بەر کاغەز لە بارەی ئەم شتەو ئەو شتەوە بیردەکەمەوە، پیرێژن، بنووسە.

---

[3] Leopold Suierzhistske هاوڕێو لایەنگری تولستوی کە پاشان بوو بە هاوڕێو یارمەتیدەری "ستانسلافسکی".

چیخۆف

8 سپتامبەر

"یاڵتا"

(...)

20 سپتامبەر بەرەو مۆسکۆ دەجولێم، یەکی ئۆکتوبەر لەوێ دەبم، هەموو ڕۆژەکە لە ئوتێل دەبم و دەنووسم، دەنووسم یان پاکنووس دەکەم؟ نازانم پیرێژنی ئازیزم، یەکێك لە کارەکتەرەکان ژنێکی تۆزێ تەمەڵە نازانم چی لێبکەم، نارەحەتی کردووم (...).

بە داخەوە کە لە من ئومێد بڕاو دەبیت، قژم هێند خراپ دەڕوتێتەوە تا هەفتەیەکی تر سەرم وەك هێلکە ساف دەبێت. بێگومان خەتای سەرتاشەکەیە، باشە، ئەی بۆ ئەوەی ببم بە قەشە دەبێت چی بکەم؟

ئایا "گۆرکی" شانۆنامە دەنووسێت یان نا؟ بۆ لە "نۆفستی دنیا"[4]دا نووسیویانە کە خەڵکی ناونیشانی سێ خوشك پەسەند ناکەن؟ قسەی قۆڕە، دەشێت پێیان خۆش نەبێت بەڵام من هەرگیز بیر لەوە ناکەمەوە ناوەکە بگۆڕم.

زۆر سەیر بێ تاقەتم، تێدەگەیت؟ زۆر سەیر، خواردنم شۆربایە، دنیا شەوانە ساردەو من هەمیشە لە ماڵەوەم. هیچ کچێکی جوانیشم لا نیە، پارە داویەتە کەمی، ڕیشم وردە وردە دەبێتە ماش و برنج (...).

* * *

کنیپەر

10 سپتامبەر

"مۆسکۆ"

چەند ڕۆژێك لەمەوبەر نامەم بۆ نووسیت ئەنتوانی ئازیزم!! نارەحەتیت؟ پیاسە دەکەم، دوو ڕۆژ چوومەتە دەرەوەی شارو هەوای پاکی پاییزم هەڵمژیوە. زریانی ڕەنگەکانم دیوە. ئێستایش دووای دوو هەفتە یا زیاتر یەکەمجارە لە ماڵەوە تەنیام، پاشان هێند بێ حەوسەڵە بووم نەمتوانی لەسەر مێزەکەم دابنیشم.

سەفەر بۆ چیای "ڤورو بیڤی"[5] لەوە چاکتر بوو کە چاوەڕێی بووین، بە داخەوە "ماشا" نەیتوانی لەگەڵماندا بێت، لە قوتابخانە کاری هەبوو، گروپەکەمان بریتی بوو لە: خاڵە "ساشا" "ڤلودیا"ی برام و دەزگیرانەکەی، "لیو"ی ئامۆزام کە لە "ترانسڤال"[6] گەڕاوەتەوەو بەندەی دڵسۆزیشتان، بێ ئەوەی بەرنامەمان بۆ داڕشتبێت هەمووومان سەرلەبەیانی کۆبووینەوە، ئاووهەوا خۆش بوو، هەناسەدان گەلێك ئاسان بوو، بە ئاسانی بە پێ دەڕۆیشتین هەموو شتەکانی دەوروبەرمان دڵخۆشکەرو ئارام و شادی بەخش بوو (...) چەند ڕۆژێك پێش ئەوە کە چووبووم بۆ بلواری "تڤێرسکوی"[7] و دڵگیرانە بۆنی گوڵە پاییزیەکانم دەکرد، هاتبوومەوە سەر خۆم و حەزم لێبوو بچمە دەرێ.

---

[4] Novostx Dyna
[5] Vorobevy
[6] Transvaal
[7] Tverskoy

سواری ترامواى ئەسپی بووین‌و چووینە پەرستگای "نوڤودڤیسچی"[8] دوای یەك دوو میل بە ناو بێستانی پڕ لە بۆنی شویت‌و کەلەرمدا تێپەڕین، لە ڕووبارێك پەڕینەوەو گەیشتینە "ڤورو بیڤکۆ"[9] خۆش بەختانە کەس لەو دەوروبەرە نەبوو، بێدەنگیەکی نائاسایی هەموو ئەو ناوەی گرتبووەوە. بچووکترین دەنگ نەدەهات. تەنانەت گەڵایەك نەدەجووڵا. لەو چرکە ساتەدا بوو کە حەزم دەکرد تەنیا بم، زۆر تەنیا لەو بەهەشتە پایزیەدا. سروشتی دەوروبەرم لەگەڵ تۆ دا هەست پێبکەم، لە مەبەستم تێدەگەیت، ئێستا هەست بەوە دەکەی تیایدا دەژیم کاج‌و سەروەکانی دارستان ڕەنگی ئالتونیان گرتووە. چنارەکان خەریکن سووردەبن، بە ڕووەکان هیشتا سەوزن. زەوی شێدارە، لێرە بۆنی قارچك لە هەوادا بڵاوبۆتەوە، ئەو گوڵە پایزیانەی کە خۆشم دەوێ لە هەموو جێگایەکدا هەن. بە کورتی جوانی لە ڕادەیەکدا بوو کە هەناسەی لە سنگدا بە گیر دەهێنا. خۆر جوان‌و وەك خەون هەورەکان وێنەی ناسکیان پێکدەهێنا، ماوەیەکی زۆر لەوێ وەستاین، گومەزە ئاڵتوونیەکەی مۆسکۆی دایك، کە لەنێو گەردا ون ببوو هەندێك جار مشتێك هەتاوی بەسەردا پەخش دەکردو دڵی دەکردینەوە. ئەم دیمەنەم لە منداڵیەوە خۆش ویستووە. لە باڵکۆنەکەدا چامان خواردەوە، کەمێك قەشمەریمان کردو پێکەنین‌و پاشان بۆ ناو دارستان‌و دەربەندەکەمان تێکێشا، خاڵە "ساشا" و من لە بارێکی شاعیرانەدا بووین. من گەلێك گەڵاو گیاو گوڵە پاییزەی جۆراوجۆرم کۆکردەوەو باقە گوڵێکی گەورەم بۆ هێناو زۆری پێخۆشبوو. کە گەڕاینەوە لەسەر ڕێگاکەماندا، سواری کەشتی بووین‌و تا پردی "دور میلوفسکی"[10] چووین. قاز کەنار ڕووبارەکەی داپۆشیبوو، هەروەها لەو ناوە قازی کێویشمان بینی. بە گیانێکی خۆش‌و شادمانیەوە گەڕاینەوە ماڵێ‌و نیوەڕۆژەیەکی پڕ لە هەراو زەنامان خوارد (...).

هەر ئێستا نامەیەکی تۆم پێگەیشت ئازیزم. بە پەرۆشەوە دەمەوێت بتبینم بەڵام بەم سەرمایە چۆن دەبێت بێیت؟ دەزانیت ئازیزم زۆر دڵم لاتە، هەڵبەتە تۆ لەگەڵ "ماشا"دا دەبیت‌و لە لایەنی خەوو خۆراکەوە دوودڵ مەبە. ئێمە خۆشمان دەوێیت‌و پەرستاریت بۆ دەکەین، هەڵبەتە من نا، نامەکانم بە ڕاستیی خۆشحاڵت دەکەن تاقە ئازیزم؟ ماچی گەورە

ئۆڵگاکەت

*　　*　　*

کنیپەر

12 سپتامبەر

"مۆسکۆ"

بۆ دەتەوێت دوای 20 سپتامبەری بێیت بۆ ئێرەو ئێستا نایەیت؟ دنیا گەرمەو هەتاوە. بۆ تۆ وا چاکترە لێرە بنووسیت نەك لە کریمەی تاراوگەکەتدا. ڕاست ناکەم؟ بیری ئوتێل لە سەرت دەربکە، ماڵی "ماشا" زۆر چاکە. بۆ سەر ڕووتانەوەکەت دەرمانێکی زۆر باشم هەیە. نیو قاپ ئالکول بکەرە ناو نۆگرام نەفتالینەوەو بیدە لەسەرت. زۆر کاریگەری هەیە. هەر ناشێت تۆ بەسەری تاسەوە بێیت بۆ مۆسکۆ، هەموو وا دەزانن من تاڵە تاڵە قژتم ڕنیوەتەوە (...).

*　　*　　*

---

[8] Novodevichi
[9] Vorobevko
[10] Dormilovsky

چیخۆف

14 سپتامبەر

"یاڵتا"

(...) شەش حەوت ڕۆژە لە ماڵەوەمو هەر نەچوومەتە دەرێ، زۆر نەخۆش بووم، تا، کۆکە، ئاوساوی. ئەمڕۆ تۆزێك باشترمو خەریکە دێمەوە سەر خۆم. بەڵام کە بیر لەوە دەکەمەوە هەفتەیەکە هیچم نەکردووەو شتێکم نەنوسیوە تێکدەچم. شانۆنامەکە لەسەر مێزەکە تەماشایەکی هەڕەشەئامێزم لێدەکاتو منیش بە خەجاڵەتیەوە لێی دەڕوانم.

ئامۆژگاری هاتنە مۆسکۆم دەکەیت؟ دایکم لە سەرەتای ئۆکتۆبەردا دێت، هەر دەبێت ئەو لە پێشا بنێرمو ناتوانم بێمە لات، ئەمە بەو مانایەیە کە لە زستاندا تۆ من لەبیر دەکەیتو منیش دڵ بە یەکێکی تری وەك تۆ دەدەمو هەموو شتێك سەرلەنوێ دەستپێدەکاتەوە.

سبەینێ دووبارە نامەت بۆ دەنووسمەوەو لەوەیش دەچێت تا ئەو کاتە حاڵم باشتر بێت. دوکتۆر "ئالتشولەر"[11] هات، شادو تەندروست بیت.

ئانتی تۆ

* * *

چیخۆف

15 سپتامبەر

"یاڵتا"

لە بارەی شانۆنامەکەوە دەبێت بڵێم کە زوو یان درەنگ تەواوی دەکەم، ڕەنگە لە سپتامبەر یان ئۆکتەبەر یان نۆڤەمبەردا، وەلێ تەواوکردنی بۆ ئەم وەرزەی شانۆ هێشتا ناتوانم هیچ بڵێم مەیموونە چکۆلانەکەم، ڕەنگە لای منەوە بڕیارێکی پێچەوانە هەبێت، لەبەرئەوەی یەکەم لەوانەیە تەواو نەبێتو هەروەك ئێستا لەسەر مێزەکەم ڕاکشابێتو جێگا خۆش بکات، دووەمیش دەبێت خۆم لە کاتی پرۆڤەکردندا ئامادەبم، دەبێت! چوار ڕۆڵی زۆر گرنگی ژن، چوار ژنی ڕووناکبیر. لەگەڵ هەموو ڕێزێکمدا بۆ هەستو هۆشی "ستانسلافسکی" بەڵام ناتوانم بیدەمە دەست ئەو. دەبێت خۆم سەروکاری پرۆژەڤەکەی بکەم (...).

نامەی تری سەرنج ڕاکێشم بۆ بنووسە، بڕۆ بۆ چیای "ڤۆروییڤی" و بنووسە، تۆ ژنێکی بەتوانایت. شتە زۆر گرنگەکان بنووسە بۆ ئەوەی ناچار نەبیت دوو پوول بە زەرفەکەوە بنێیت. بەڵام کە ئێستا تاقەتی نووسینت نیە، یەکەم لەبەرئەوەی سەرت قاڵەو دووەمیش کە دەتەوێت لە من دووربکەویتەوە، وایە؟ زۆر زۆر ساردیت، ئەمە لە ئەکتەر بەدوور نیە، تووڕە مەبە ئازیزەکەم خۆت دەزانی من هەروام.

نە باران هەیەو نە ئاو، گیا لە وشك بووندایە، دیسانەوە گەرما دەستی پێکردۆتەوە، ڕەنگە ئەمڕۆ بچم بۆ شار، لە بارەی تەندروستیتەوە هیچ نانووسیت، چۆنیت؟ چاکیت؟ قەڵەو بوویت یان خەریکی لاواز دەبیت؟ لە بارەی هەردووکیانەوە بۆم بنووسە.

ئەوەندەت ماچ دەکەم تا شێت دەبیت، لە بیری نەکەیت.. ئانتەکەت

* * *

[11] Altshuler

کنیپەر

19 سپتامبەر

"مۆسکۆ"

ئازیزەکەم شتی سەیر دەنووسیت. من نامەوێت تۆ بێیتە مۆسکۆ؟ من نامەوێت؟ ئەمە لە کاتێکدا کە گەرمای ئێرەو نەبوونی تۆ دەماری داغان کردووم؟ من وا دەزانم تۆ لە من سارد بوویتەتەوەو حەزناکەیت بێیت بۆ "مۆسکۆ". خوا گیان، من عاشقی ئەو چرکەساتانەم کە تۆ لێرەیت، لە پرۆڤەکاندا ئامادە بیتو من سەر بنێمە سەرشانت، وام بە خەیاڵدا دێت لەوانەیە بمریت! لەمە تێدەگەیت؟ من وا دەزانم تۆ لێرە حاڵت باشتر دەبێتو لە ڕووی جەستەو ڕۆحەوە ئاسوودە بیت. وا نیە هەرە ئازیزم؟ دایکت بێنەو چەند دەمێنێتەوە تۆیش لێرە بە. باوەڕ بکە تەندروستیت باشتر دەبێت. من خۆشم دەوێیت، دڵنەواییت دەکەم، گۆرانیت بۆ دەڵێم، بە هۆی ئەو ماساژەوە کە کردوومە گەرووم خەریکە باشتر دەبێت. تەندروستیم باشەو قەڵەویش نابم، دەمەوێت لە کێشم کەم بکەمەوە، قژیشم خەریکە دەڕوتێتەوە ئیدی دەبمە هاودەردت، ڕاستیەکەی فێڵم لێکردیت تۆ پێویستت بە 1.5 گرام نەفتالین هەیە نەک 2 گرام لە نێوە قاپێك ئالکولدا. ئەمجارەیان دڵنیا بەو کارەکە ئەنجام بدە، سێ یان چوار ڕۆژ سەری پێ بشۆ.

دەزانیت نامەی 15 سپتامبەرەکەتم دوێنێ بەدەست گەیشتو ئەوەی 14 سپتامبەریش ئەمڕۆ. سەیر نیە؟ ئاخری نامەیەکی ئینسانیانەت نووسی بە یاداشتێکی کورتەوە. وەك ئەوەی کۆڵێك بەسەرشانتەوە بووبێتو بتەوێت دایبنێیت (...).

باشە، کەواتە بڕیارت داوە فەرامۆشم بکەیتو عاشقی یەکێکی تر بیت؟ ئەو کارەی بکە، منیش دڵی یەکێکی دی دەفرێنم، قسەی بێ تام بۆ یەکدی دەکەین (...).

* * *

چیخۆف

20 سپتامبەر

"یاڵتا" تەلەگراف

دایکم بەیانی دێت بۆ مۆسکۆ، نمایشنامەکە تەواو نەبووە، دوایی دێم، سڵاو، دەستت ماچ دەکەم.

* * *

ئانتونیوس

چیخۆف

22 سیپتامقەر

"یاڵتا"

ڕۆژباش ئۆڵگای ئازیزم، کۆترەکەم، چۆنیت؟ دەمێکە نامەم بۆ نەناردوویت، ویژدانم ئازارم دەدات، هەرچەندە ئەوەندەیش گوناهبار نیم، نامەوێت بنووسم، چی بنووسم؟ لەسەر ژیانی خۆم بنووسم لە "کریمە"؟ (...) دایکم سبەینێ دێت بۆ مۆسکۆو منیش بەم زوانە دێم. هەرچەندە نازانم بۆ بێم؟ بۆ؟ بۆ ئەوەی تۆ ببینمو دیسانەوە لێت دووربکەومەوە؟ سەیرە! بڕۆ، کۆمەڵێك لە کەسانی شانۆ ببینەوەو دووبارە لێیان دووربکەوەرەوە. دەڕۆم بۆ پاریس پاشان ڕەنگە بچم بۆ "نیس" و لە "نیس"ەوە بۆ ئەفەریقا ئەگەر پەتای تیا نەبێت، هەرچۆنێك بووە دەبێت ئەم زستانە بەڕێ بکەم (...).

ئازیزم لە من توورەیت؟ جا دەتوانم چی بکەم؟ دنیا بۆ نووسین تاریك بووەو مۆمەکانم باش ناسوتێن. ماچت دەکەم، بمبوورە، ئاگات لە خۆت بێت، شادبە! (...).

ئانتی تۆ

* * *

کنیپەر

24 سپتامبەر

"مۆسکۆ"

ئانتونی ئازیز. بۆ نایەیت، سەری لێدەرناکەم، من نامەم نەنووسی چونکە بە تەمای هاتنت بووم‌و دەمویست دیسان بتبمینمەوە. چی ڕێگای هاتنی لێگرتیت؟ چی نیگەرانی کردوویت؟ من نازانم چی بڵێم، گەلێك نیگەرانم.

ڕەنگە مەبەستت نەبێت بمبینیت، بە ڕاستی من بریندارم، چونکە لەگەڵما کراوەنیت. حەزدەکەم هەموو ڕۆژێك بگریم، هەموو پێم دەڵێن تۆ دەتەوێت بڕۆیتە دەرەوەی وڵات. نازانیت چەند ناخۆشە هەموو ئەم شتانە ببیستم‌و ناچاربم وەڵامی سەدان پرسیار بدەمەوە؟

هیچ تێناگەم، بە پێچ‌و پەنا دەنوسیت –دوایی دێم– یەعنی چی؟ ئێرە هەمیشە گەرم‌و خۆشە، باری تەندروستیت لێرە بە تەواوی چاك دەبێت، دەتوانین پێکەوە بین‌و یەکمان خۆش بوێت، بەو جۆرە دەتوانین ئەو چەند مانگەی لە یەکتر دابڕاوین بە باشی هەقی بکەینەوە. ئەگەر تۆ نەبینم ناتوانم ئەم زستانە بەڕێخەم، تۆ دڵێکی پڕ لە خۆشەویستی‌و بەزەییت پێوەیە، بۆ دەتەوێت بیکەیتە بەرد؟ لەوە دەچێت قسەی هەلەق‌و مەلەق بنووسم، نازانم، بەڵام شتێکم لەبیردایەو هەمیشە پێم دەڵێت کە دەبێت یەکتر ببینین، دەبێت تۆ بێیت، کە بیری لێدەکەمەوە تۆ تەنیایت‌و هەمیشە بیردەکەیتەوە، بیری بێ کۆتایی، سام دامدەگرێت.

ئانتونی ئازیزو خۆشەویستم، وەرە بۆ لام، ناتەوێت قسەم لەگەڵدا بکەیت؟ ئایا بیرکردنەوە لەوەی کە چارەنووسی تۆ لەگەڵ مندایە بەو ڕادەیە بێتاقەتی کردوویت؟ بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە بۆم بنووسە، دەبێت هەموو شتێك لە نێوان من‌و تۆدا بێ پەردە بێت، پێم بڵێ چیت لەدڵدایە. چیت دەوێت لێم بپرسە وەڵامت دەدەمەوە. خۆشت دەوێم؟ ڕەنگە ئەو هەستەت پێ خۆش بێت. من پێویستم بەو هەستەیە کە گەرمم بکاتەوە نەك سەرم لێ بشێوێنێت. دەبێت من‌و تۆ لە بارەی گەلێك شتەوە بە راشکاوی‌و ڕوونی قسە بکەین. قبووڵتە؟

من تا ڕادەیەك ڕۆژانە چاوەڕێتم. وەرزی شانۆ ئەمشەو بڵاودەکرێتەوە. من دەورم نیەو لەگەڵ "ماشا"دا دەبم، "گۆرکی" لێرەیە، "سولرژتیسکی" دێت بۆ بینینمان، حاڵم باش نیە، دڵم تەنگەو پەشێوە، حەزی خواردنم نیەو خەوم کەم بۆتەوە، دەربارەی ئەم شتانە بیربکەرەوەو نامەیەك بنێرە بۆ ئۆڵگاکەت.

ببوورە کە نامەکەم ئەمەندە تێکەڵ‌و پێکەڵە.

**سەرچاوە:**

کتێبی دلبند عزیزترینم

ل 66– 77